یەکەمینماڵپەڕی کوردی تایبەت بە پرسیار و وەڵامی شەرعی

# ١٥ خاڵی گرنگ

# دەربارەی مانگی (زولقەعدە)

ئامادەکردنی : مجموعة زاد

وەرگێڕانی
ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba٨.org - walamakan.com

بسم الله، والحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اهتدى بهداه ، أما بعد:

ئەمە کورتە باسێکە لەبارەی ئاداب و ئەحکام و پلە و ڕێز و سوود مانگی( ذو القعدة) ، داواکارین لەخوای پەروەردگار سوود بەخش بێت ، وپاداشتی خێری هەموو ئەو کەسانە بداتەوە کەدەبنە هاریکار ودەسبار لەئامادە کردن وبڵاوکردنەوەیدا .

* * * * * *

١- مانگی ( ذو القعدة) یازدەیەمین مانگی کۆچی یە ، و بۆیە بەو ناوەوە ناو نراوە چونکە لەو مانگە خەڵکی دادەنیشتن و (یقعدون) وازیان لەجیهاد وتێکۆشان وکوشتار دەهێنا ، لەبەر ئەوەی یەکێکە لەمانگە حەرامکراوەکان ، وخۆیان ئامادە دەکرد بۆ حەجی ماڵی خودا .[١]

* * * * * *

---

[١] لسان العرب (٣/ ٣٥٧)، وتفسير ابن كثير ( ٤/ ١٤٧ ) .

٢- مانگی ( ذو القعدة) لەمانگە حەرامکراوەکانە کەبریتین لە(ذو القعدة) ، و (المحرم) ، و(ذو الحجة) ، پاشان (رجب) ، هەروەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِندَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِي كِتَابِ اللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ﴾ [التوبة :٣٦] .

واتە: ژمارەی مانگەکانی ساڵ لەلای خوای گەورە دوانزە مانگە ، خوای گەورە لە کتابی خۆیدا جێگیری کردووە هەر لەو ڕۆژەی کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ، چوار مانگی تیادایە کە (أشهر الحرم) ی پێ ئەوترێ کە خوای گەورە کوشتاری کافرانی تیادا قەدەغە کردووە کە (ذو القعدة و ذو الحجة و موحەڕەم و ڕەجەب)ـە .

وە لەفەرموودەیەکدا هاتووە (إِنَّ الزَّمَانَ قَدِ اسْتَدَارَ كَهَيْئَتِهِ يَوْمَ خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ : السَّنَةُ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا، مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ:ثَلَاثٌ مُتَوَالِيَاتٌ : ذُو الْقَعْدَةِ وَذُو الْحِجَّةِ، وَالْمُحَرَّمُ، وَرَجَبُ مُضَرَ [1] الَّذِي بَيْنَ جُمَادَى وَشَعْبَانَ ) [2] . واتە: ڕۆژگار گەڕاوەتەوە و سوڕایەوە هەر وەکو ئەو ڕۆژەی خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێنا ، وساڵ دوازدە مانگە، لە ناوی دا چوار مانگی حەڕامی یەك بە دوای یەکی تێدایە: مانگی زولقەعیدە و زولحیجەو موحەڕەم و ڕەجەب کە کەوتۆتە نێوان هەردوو جومادەکەو شەعبانەوە.

---

[1] کەلیمەی (مضر) ناوی عەشیرەتێکە وە بۆیە مانگی ڕەجەب دراوە پاڵی چونکە زۆر ڕێزیان لەو مانگە دەگرت ، وەک ئەوەی ئەو مانگە تایبەت بێت بەوان . وەرگێڕ.

[2] رواه البخاري( ٣١٩٧) ، ومسلم (١٦٧٩) .

٣- ئەم مانگە حەرامکراوانە کەمانگی زولقەعدەش یەکێکە لێیان زۆر ڕێزدارن لای خوای پەروەردگار ، وحەرامە تیایدا مرۆڤ ستەم لەخۆی بکات بەئەنجامدانی گوناه وتاوان وبەزاندنی سنوورەکانی خودا ، هەروەک خوای پەروەردگار فەرموویەتی ﴿فَلَا تَظْلِمُوا فِيهِنَّ أَنْفُسَكُمْ﴾ [التوبة: ٣٦ ] .واتە: ئێوە لەو مانگانەدا ستەم لە خۆتان مەکەن بەوەی کە کوشتاری تیادا بکەن .

جا ستەم کردن هەرچەند لەهەموو مانگ وکاتێکی تردا ڕێگە پێدراو نی یە بەڵام لەم مانگانەدا زیاتر حەرامە لەبەر حورمەت وڕێزی ئەم مانگانەدا لەلای خودا ،بۆیە نابێت مرۆڤ لەم

مانگانەدا بەهیچ شێوەیەک نزیک بێتەوە لەستەم وکوشتار و..

قەتادە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت:

(اِعلَمُوا أَنَّ الظُّلْمَ فِي الْأَشْهُرِ الْحُرُمِ أَعْظَمُ خَطِيئَةً، ووِزراً مِنَ الظلمٌ فيما سواهاَ، وإنْ كَانَ الظُّلْمُ عَلَى كُلِّ حَالٍ عَظِيماً، وَلَكِنَّ اللهَ يُعَظِّمُ مِنْ أَمْرِهِ مَا شَاءَ) [١]

واتە: ئاگادار بن وبزانن کە ستەم لە مانگە حەرامەکان گەورەترە لە تاوان و سەرپێچییەك کەلە مانگەکانی تردا ئەکرێت، هەرچەند ستەم لەهەموو کاتێکدا گەورەیە ، بەڵام خوای گەورە ئەو مانگەی بیەوێ زیاتر ڕێزداری دەکات .

---

[١] تفسير الطبري (١٤/ ٢٣٨)، وتفسير ابن كثير ( ٤/ ١٤٨) .

٤- عەرەب لەسەردەمی نەفامیدا زۆر ڕێزیان لەجێگای حەرامکراو کە(مەکەی پیرۆزە) دەگرد لەگەڵ مانگە حەرامکراوەکان ، بەشێوەیەک تەنانەت دەگەشتن بەبکوژی کوڕ وباوک وبرایان ولێی دەگەڕان ودەستیان بۆ نەدەبرد وئیزعاجیان نەدەکرد . [١]

* * * * * *

[١] تفسير الطبري ( ٢ / ٥٢١، ١١ / ٤٤٠) ، تفسير القرطبي ( ٦ / ٣٢٦)

٥- واجبە لەسەر موسوڵمان ڕێز لەمانگە حەرامەکان بگرێت ، ئەوەش بەپابەند بوون بەسنوورەکانی خوداوە ، وجێ بەجێ کردنی فەرزەکان و واجباتەکان ، وسوور بوون لەسەر تاعەت و عیبادەت و دەبێت بەو شێوەیەیی کەخودا پێی ڕازیە ، وئاگادار بوون لەستەم لەخۆ کردن ، بەبەزاندنی سنوورەکانی خودا ، وئەنجام دانی گوناه وتاوان لەم مانگانەدا .

* * * * * *

٦- مانگی زولقەعدە یەکێکە لەمانگە حەرامەکان ،خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ﴾ [البقرة: ١٩٧] .واتە: کاتی حەج چەند مانگێکی دیاری کراوە کە (شەوال و ذو القعدة و ذو الحجة) یە، یاخود وتراوە: (شەوال و ذو القعدة و دەی ذو الحجة) یە .

وە عبداللەی کوڕی عومەر خوا لێیان ڕازی بێت دەڵێت: ( أشهر الحج : شوال ، وذو القعدة ، وعشر من ذي الحجة) [(١)]

واتە: مانگەکانی حەج : شەوال ، وزولقەعدە ، وده ڕۆژی زولحیجەیە .

[(١)] علقه البخاري في صحيحه(٢/١٤١) بصيغة الجزم .

٧- سوننەتە عومرە کردن لەمانگی زولقەعدەدا وەک شوێنکەوتن و چاوکردن لەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەمانگی زولقەعدەدا چوار جار عومرەی کردووە ، ولەجگە لەو مانگە هەرگیز دوای کۆچ کردنی عومرەی نەکردووە .

ــ عومرەیەک لەحودەیبیەییە یاخود لەسەردەمی حودەیبییەدا لە مانگی زولقەعدە وبەدیاری کراوی لەساڵی شەشی کۆچی دا .

- ساڵی دوای ئەوە (عمرة القضاء) لەساڵی حەوتەمی کۆچی دا .

- عومرەیەک لەجیعرانە لەساڵی دوای ئەوە ولەساڵی هەشتەمی کۆچی دا ، ولەساڵی فەتحی مەکەدا .

- عومرەیەک لەگەڵ حەجەکەیدا کە لە مانگی زولقەعدەدا ئیحرامی بەست لەساڵی دەی کۆچی دا ، وکارەکانی لەمانگی زولحەجەدا بوو ، چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم حەجەکەی (قارن) بوو .[1]

* * * * * *

(١) صحيح البخاري (١٧٧٨) ، وصحيح مسلم (١٢٥٣) ، وشرح النووي على مسلم ( ٨ / ٢٣٥) ، وتفسير ابن كثير (١ / ٥٣١) .

٨- عومرە کردن لەمانگی زولقەعدەدا باشترە لەهەموو مانگەکانی تر جگە لەڕەمەزان [١]، بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە: ( عمرة في رمضان تقضي حجة ، أو حجة معي ) [٢]

واتە: عومرەیەک لەمانگی ڕەمەزاندا خێری حەجێکی هەیە ، یاخود حەجێک لەگەڵ من .

وەلەهەندێ لەسەلەفەوە گێڕدراوەتەوە فەزڵی عومرە کردنیان لەمانگی زولقەعدەو شەوالدا داوە بەسەر عومرە کردن لەڕەمەزاندا ، لەوانە: عبداللەی کوڕی عومەر وعائیشە وعەطاء [٣]

---

(١) مجموع الفتاوى الشيخ ابن باز (١٧ / ٤٣١) .

(٢) رواه البخاري ( ١٨٦٣) ، ومسلم (١٢٥٦) .

(٣) لطائف المعارف لابن رجب (٢٥٩) .

و(ابن القيم) لەو نێوەدەدا دوو دڵ بووە وگوتوویەتی: (إن الله لم يكن ليختار لنبيه صلى الله عليه وسلم في عمره إلا أولى الأوقات وأحقها بها، فكانت العمرة في أشهر الحج نظير وقوع الحج في أشهره، وهذه الأشهر قد خصها الله تعالى بهذه العبادة وجعلها وقتًا لها، والعمرة حج أصغر، فأولى الأزمنة بها أشهر الحج، وذو القعدة أوسطها، وهذا مما نستخير الله فيه).

واتە: خوای پەروەردگار هەرگیز بۆ پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم لەتەمەنیدا جگە لەباشترین کات وسات ولەپێشترینیان نەبێ بۆ هەڵنەبژاردووە ، جا بۆیە عومرە کردن لەمانگە

حەججەکاندا هاوشێوەی حەجە لەمانگەکانی دا ، ئائەم مانگانە خوا تایبەتی کردووە بەو عیبادەتەوە وکردوویەتی کات بۆی ، وعومرە حەجێکی بچووکە ، لەپێشترین کات بۆی مانگی حەججەکان ، وزولقەعیدە وناوەڕاستەکەیەتی ، و ئا ئەمە ئێمە ئیستخارەی خودای بۆ دەکەین .

* * * * * *

٩- سوننەتە ڕۆژوو گرتنی مانگی زولقەعدە بێ ئەوەی کەسەکە باوەڕی وابێت هەندێ ڕۆژی تایبەت مەندی خۆی هەیە، چونکە مانگێکە لەمانگە حەرامەکان ، ومانگە حەرامەکانیش سوننەتە ڕۆژوو گرتن تیایدا ، لەبەر ئەو فەرموودەیەیی لەم بارەیەوە هاتووە: (صم من الحُرُم واترك )[1]. واتە: مانگە حەرامەکان بەڕۆژوو بە ، وبەڕۆژووش مەبە .

وەلەهەندێ لەسەلەفەوە گێڕدراوەتەوە ڕۆژوو گرتنیان پێ باش بووە ،لەوانە عبداللەی کوڕی عومەر خوا لێیان ڕازی بێت ، وحەسەنی بەسری ، وسوفیانی سەوری ، وئەوە مەزهەبی جمهوری زانایانە .[2]

---

[1] رواه أبو داود (٢٤٢٨) وضعفه الألباني .

[2] لطائف المعارف (١١٩) الموسوعة الفقهية (٢٨ / ٩٥) .

١٠- ڕوداوی گەورە لەمانگی زولقەعدەدا ڕووی داوە ، لەوانە: لەو مانگەدا خودا بەڵێن وپەیمانی بە موسا دا ،هەروەک فەرموودیەتی: ﴿وواعَدنَا موسى ثَلاثينَ لَيلَةً وَأَتمَمناها بِعَشرٍ فَتَمَّ ميقاتُ رَبِّهِ أَربَعينَ لَيلَةً﴾ [الأعراف :١٤٢] .

واتە: خوای گەورە بەڵێنی بە موسا دا - صلى الله عليه وسلم - کە سی شەو بێتە سەر کێوی (طور) لەوێ قسەی لەگەڵدا دەکات، پاشان خوای گەورە دە ڕۆژی تری زیاد کرد بوو بە چل ، مەوعیدی خوای گەورە بوو بە چل شەوی تەواو .

وه زۆربەی زانایانی تەفسیر پێیان وایە مەبەست لە ﴿ثَلَاثِينَ﴾ مانگی زولقەعدەیە ، ومەبەست لە ﴿بِعَشْرٍ﴾ دەڕۆژی مانگی زولحیجەیە ، ئەمە بۆچوونی موجاهید ومەسروق وئیبن جورەیجە ، ولەعبداللەی کوڕی عەباسەوە ڕیوایەت کراوە ، بەو پێیەش لەڕۆژی جەژندا میقات تەواو دەبێت ولەوێدا قسەکردن لەگەڵ موسادا دروست بوو .[1]

* * * * * *

---

(1) تفسير الطبری (١٠ / ٤١٤) ، وابن كثير(٣ / ٤٦٨)

١١- غەزاو جەنگی بەدر لەساڵی چواری کۆچی ومانگی زولقەعدەدا بوو ، لەو کاتەدا ئەبو سوفیان هەڕەشەی جەنگی ئوحدی لەموسوڵمانان کرد ، دواى ساڵێک بەڵام لەسەر وەعدەکەی ئامادە نەبوو .[1]

١٢- پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کچی پوری زەینەبی کچی جەحشی مارە کرد لەساڵی چواری کۆچی دا ولەمانگی زولقەعدەدا ، و لەو مانگەدا ئایەتی حیجاب دابەزی .[2]

---

(١) المغازي للواقدی (١ / ٣٨٤).

(٢) الإشارة إلى سيرة المصطفى لمغلطاي (٢٥٢) ،والمختصر الكبير لابن الجماعة (٩٨).

١٣- غەزای خەندەق (الأحزاب) لەساڵی پێنجەمی کۆچی دا ولەمانگی زولقەعدەدا بوو ،وبۆچوونێک هەیە دەڵێت: لەمانگی شەوالدا بووە . [1]

١٤- غەزای بەنی قورەیزە لەساڵی پێنجەمی کۆچی دا و لەمانگی زولقەعدەدا بوو ، و بۆچوونێک هەیە دەڵێت: لەمانگی شەوالدا بووە . [2]

---

[1] عيون الأثر لابن سيد الناس (٢/ ٨٣) ، والإشارة إلى سيرة المصطفى لمغلطاي (٢٥٩) .

[2] المغازي للواقدى (٢ / ٤٩٦) ، والسيرة النبوية لابن هشام(٢/ ٢٧٩) ، والبداية والنهاية لابن كثير (٨ / ١٠).

١٥- سوڵحی حودەیبیە لەساڵی شەشەمی کۆچی دا ولەمانگی زولقەعدەدا بوو [١] ،وخوای پەروەردگار ناوی ئەم سوڵحەی نا فەتحی گەورە ،هەروەک لەعبداللەی کوڕی عەباسەوە هاتووە لەبارەی ئایەتی﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا﴾ دەڵێت مەبەست لێی حودەیبیەیە [٢] ، وە ئەوە بۆچوونی زۆر لەزانایانی تەفسیرە . [٣]

وصلَّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

ستافی ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org walamakan.com

---

[١] والسيرة النبوية لابن هشام(٢ / ٣٠٨) .

[٢] رواه البخاري(٤٨٣٤).

[٣] تفسير البغوي ( ٧ / ٢٩٦) ، وابن كثير (٧ / ٣٢٥) .